www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:52 7-3-2007

## وەڵامێک بۆ جەزا چنگیانی. . . . . سان شاخەوان

سەرەتا سلاوو ریزم بو هەمو ئەو رۆژنامە نوسە بەڕیزانە هەیە کەدەنگی ئازاد دەگەیەنن
کاکی چنگیانی ئەوەی من لە خوێندنەوەکانی تودا بەدیم کردوە خاوەنی ئەزمونێکی زۆری بواری سێکسیت و لە وروانگەیەوە چیروك و نوسینەکانت زۆر سەرکەوتون، وەلی ئەوەی داخە تۆ هەر بە زۆر خۆت کردۆتە کەسایەتییەکی سیاسی زۆر گەورە کەلە قەبارەی خۆت دەرچویت و شان لەشانی هەموکەس ئەدەیت خۆشت لەوانەیە نەزانی بۆ چ مەبەستێك ئەنوسیت یا لە پێناوی چی ئەنوسیت کورد (ئەلی دەمە چیت لی کەمە) منیش ئەلێم قەڵەمە چیت لیکەمە.
کورت وپوخت باشە کاك جەزای چنگیانی بەڕێزتان چیتان کردوە بۆ منالە چاوگەشەکانی کوردستان کام دەزگای خێرخوازی بەناوی جەزا چنگیانییەوەیە کام لانەی نەوجەوانان جەنابتان دەستی یارمەتی بۆدرێژ کردوەکامەدۆلار لەلای چنگیانیەوە بۆمنالانی هەژار خەرج کرا وا لەناو شەوە سورەکانی خۆتدا بیری منالانی کوردت کەوتۆتەوەو فرمێسکی تیمساحانەیان بۆ هەڵدەرێژی، ئەوەندی من بزانم تۆ کێشەی خیزانەکەی خۆتت پی چارەسەر نەکرا ئێستا ئەتەوی کێشەی کورد چارە سەر بکەیت بەجنێوو وتە قێزەونەکانت، ئەوەی مەبەستمە بینوسم بابەتێکی قیزەونی ترە کە لە کوردستان پۆست بلاوت کردۆتەوە دلْخۆشی و هاتنەدی خەوەکانت بە نەخۆشییەکەی مام جەلال دەرئەبڕیت ئاخر چنگیانی تۆ تا ئێستا بەردێکت بۆ کورد گرتۆتە دوژمن؟هەرلەو بابەتەتدا ئاماژەت بۆ وەستا عبدول کردوە کەپێشمەرگەیەکی دێرین و پارتیزانی (ی. ن. ك) بوە کە ئەو دەم لێپرسراوی ئەوزیندانیە بوە کە کاك مەلا بەختیاری تێدا بووە وەك سەرکردەش مامەلەی لەگەل کاك مەلا بەختیار کردوە، جەنابتان وەك پاسەوان وداماو ناوتان بردوە گوایە هەڤاڵ مام جەلال وەستا عبدولی بەدارەوە بەستۆتەوەو بەگۆچان چەند پەراسویەکی شکاندوە، لێرەدا بەخوێنەرانی بەرێز ئەڵێم من سەرم ئەسورمی لەو کەسەی ناوی رۆژنامە نوس لە خۆی ئەنی و ڕاست وچەپ شەلم کوێرم ناپارێزم ووشە ئەنی بەیەکەوەو ئەیخاتە بەر چاوی خوێنەر بۆیە وەك شایەتحالێك دەڵیم ئەو مەسەلەیە دورە لەڕاستییەوە بەوشێوەیە نییە کە کاکی چنگیانی باسی لێوەدەکات.
هەڤال مام جەلال لەکاتی پێشمەرگایەتیدا و لەهەموکاتێکیشدا وەك ئەندامی یەك خێزان و وەك کوڕی خۆی مامەڵەی لەگەڵ پێشمەرگەدا کردوەلە کاتێکیشدا ئەوە شانازی و گەورەیی یە بۆ وەستا عبدول، ئەگەر مام جەلال بەگۆچان لێیدابێت چونکە مانای ئەوپەڕی متمانەی مام جەلال بوە بە پێشمەرگەکانی وهەر بۆیە بۆماوەیەکی زۆریش عدد جیهازی تایبەتی خۆی بوە، جگەلەوەش وەستا عبدول هەرپێشمەرگەیەکی دیارو دلسۆزی (ی. ن. ك) بووە پێگەو رێزی خۆی هەبوە لەناوریزی پێشمەگە دێرنەکاندا، ئیتر هیچ پێویست بەوە ناکات کاکە جەزا جەنابتان نان و پیاز بەومەسەلەیەوە بخۆن جابرای بەرێز بۆیە پێت ئەڵێم کورد وتەنی سوژنێك بکە بەخۆتا پاشان دەرزیەك بکە بەخەڵکدا من زۆرجار بابەتەکانت ئەخوێنمەوە هەتا ئێستا هیچ عیلەت و پەندێکم لی بەدی نەکرد لەکوتایدا هیوام وایە دلگران نەبیت چونکە دلی رەخنەت زۆرگەورەیە بەرگەی هەموو وشەیەك ئەگری.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاْودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.